Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C03

# ڕەمزی گیانداران لە پەراوێزی کەسێتیی مرۆڤدا

# بە نموونەی پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان

**سازان جوهر حمەغریب**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

پەند، کەسێتی، گیاندار، ڕەمز

**Corresponding Author**

sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**پوختە:**

گیانداران بە درێژایی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی هاوڕێیەتی کۆنیان لەگەڵ مرۆڤدا هەبووە تا وای لێهاتووە بەشێکی زۆریان کراون بە ڕەمز و هەڵگری سیفەتە چاک و نەخوازراوەکانی کەسایەتی مرۆڤ. ڕەمز لە ئەدەبدا وەکو دیاردەیەکی هونەری و مەعنەوی بەکاردێت و بەشێکە لە کورتبڕی، بە مەبەستی چڕکردنەوەی بیروباوەڕێکی فراوان و وەکو ئەرکێکی ئیستاتیکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی پەرەیسەندووە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کەسێتی مرۆڤی کورد بە گشتی و ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بە تایبەتی لەڕێگەی ڕەمزی گیانداران لەناو پەند و قسەی نەستەقی ئەو ناوچەیە پیشانبدرێت. ئەم توێژینەوەیە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، کە یەکەمیان تیۆرییە و دوانەکەی تریان پراکتیکییە. لە تەوەری یەکەمدا هەوڵدراوە چەمکی ڕەمز لە سۆنگەی پەیوەندی بە پەند و بە گیاندار و بە کەسێتییەوە لێکبدرێتەوە. لە تەوەری دووەمیش باسی ڕەمزی گیاندارە ماڵییەکان لە پەراوێزی کەسێتی مرۆڤدا کراوە. لە تەوەری سێیەمیشدا ڕەمزی گیاندارە کێوییەکان وەرگیراوە و کەسێتی مرۆڤی پێنیشاندراوە و هەر لەو تەوەرەیەدا لە ڕێگەی خشتەوە کەسایەتییە جیاوازەکان، کە بە ڕەمزی گیانداران وێناکراون، پۆلێنیان پیشاندراوە و ڕێژەی کەسێتی ئەرێنی و نەرێنی لە ناو پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بەدیارخراوە.

## پێشەکی:

پەندەکان بە بەشی سەرەکی لە ئەدەبی فۆلکلۆر دادەنرێن و یەکێکن لە کۆنترین ئەو گوزارشتانەی کە ژیان و ئەزموون و داب و نەریت و بیرکردنەوەی گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراومان بۆ پەخشدەکات. یەکێک لەو لایەنانەشی کە جوانییان بە پەندەکان داوە بەکارهێنانی ڕەمزە، کە بۆ دەربڕینی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی سوودی لێوەرگیراوە، گیاندارانیش وەکو ڕەمز و دەمامک هەڵبژێردراون تا لە سێبەریان کەسێتییە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگە بەیان بکرێت، کە زۆرجار شێوازێکی گاڵتەئامێزی بە پەندەکان داوە و لە هەمان کاتیش بەهۆی لێکچواندنی مرۆڤ و گیاندار سروشتی کەسێتی مرۆڤی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بێژینگ داوە و چاک و خراپی لێکجیاکردووەتەوە.

## هۆکاری هەڵبژاردن:

توێژینەوە و کاری ئەکادیمی زۆر لەبارەی پەندەکان ئەنجام دراون، بەڵام پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان کارێکی وایان لەسەر نەکراوە و بابەتی ڕەمزی گیاندارانیش لە پەندەکان بابەخێکی ئەتۆی پێ نەدراوە لە تەرازووی دەروونیشیکاریدا، شەن و کەوی بۆ نەکراوە.

## سنووری توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە سوود تەنها لە دەق و پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان وەرگیراوە، بۆ ئەمەش سوود لەهەر دوو کتێبی بەڕێز (هەردەوێڵ کاکەیی) وەرگیراوە، کە پەندەکانی ئەم ناوچەیەی کۆکردووەتەوە لەگەڵ دەستنووسێکی بەڕێز (د. ئازاد عبدالواحد) کە هەندێ نموونەی پەندی ناوچەی چەمچەماڵ و خانەقینی تێدا کۆکردبۆوە، کە کۆی هەموو ئەو پەندانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سەیرکراون ژمارەیان (2668) پەند دەبێت.

## میتۆدی توێژینەوە:

بە مەبەستی بەخشینی مۆرکێکی زانستی و ئەکادیمی بە توێژینەوەکەمان میتۆدی (وەسفی دەروونشیکاری) پەیڕەوکراوە.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ تەوەر پێکهاتووە، کە یەکێکیان تیۆرییە و دووانیان پراکتیکییە، تەوەری یەکەمیان تیۆرییە و هەوڵ دراوە باسی پەیوەندی چەمکی ڕەمز لەگەڵ پەند و گیانداران بکرێت و پەیوەندی ڕەمزیش لەگەڵ کەسێتی لە ڕوانگەی سایکۆلۆجی کۆمەڵناسییەوە دەرخراوە، تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە ڕەمزی گیاندارە ماڵییەکان لە پەراوێزی کەسێتی مرۆڤدا لە پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان، تەوەری سێیەمیش کەسێتی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕەمزی گیاندارە کێوییەکان لە پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان باسکراوە، توێژینەوەکە بە گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە.

## تەوەری یەکەم: پەیوەندی چەمکی ڕەمز بە پەند و گیاندار و کەسێتی

### ١-١ چەمکی ڕەمز و پەیوەندی بە پەندەوە

ڕەمز شێوازێکی هونەرییە و ڕێگایەکە بۆ گوزارشتکردن، کە دوو دەلالەت لەخۆدەگرێت، یەکیان ئاشکرا و ڕوونە و ئەوی تریان شاراوە و نادیارە و پەیوەستە بەو مانایەی، کە مەبەستە بگەیێنرێ (المطيري، 2022، 169). واتا لە بەکارهێنانی ڕەمزدا بەردەوام مانایەکی دوورتر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((مانا رووکاری و ئاشکرایەکەش بەهەند وەردەگیرێت و بە مەبەست دادەنرێت)) (خالد، 2007: 24).

ڕەمز بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی جوانکاری و ڕێگایەک بۆ گوزارشتکردن و پێکانی ئامانج دادەنرێت، بۆیە دەبینین لە پەند و قسەی نەستەقیشدا ڕۆڵی بەرچاویان لە گەیاندنی چەندان مەبەست و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و فیکری ..بینیوە، کە زۆر جار بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانێت ئەو کاریگەرییەی هەبێت کە ئەوەی لەڕێگای ڕەمزەوە هەیەتی، چونکە لایەنێکی گرنگ لە ڕەمزدا کە پەیوەستە بە لایەنی دەروونییەوە ئەوە ڕوونکراوەتەوە ((کە زۆرجار عەقڵی مرۆڤ تاقیکردنەوەیەک بە تاقیکردنەوەیەکی تر دەگۆڕێتەوە، بەمەش بەکارهێنانی شتێک لە بری شتێکی تر .....سەر هەڵدەدا)) (حەمەد، 2012: 61)، ئەمەش ڕێک پەیوەندی ڕەمز و پەندمان بۆ دەردەخات، چونکە پەندەکان خۆیان ((دەلالەت لە واتایەکی هاوبەش لەنێوان دوو شت دا دەکەن، کە یەکەمیان بنچینەییە و ئەوی تریان لاوەکییە، بە بەڵگەی ئەوەی لێکچوون لە نێوان هەردوو دیاردەکە هەیە و بە هۆی یەکێکیانەوە ئەوی تریان ڕووندەکرێتەوە)) (الشراري، 2015: 10).

کەواتە گیاندارەکان بوونە ڕەمز و کەرەسەیەکی سەرەکی لە بنیاتنانی پەندەکان و زۆر جاریش لەگەڵ مرۆڤەکان هاوبەشی بە کەسایەتی و سیفەتیان کرا، بەواتایەکی تر گیاندارەکان بوون بە وێنەیەکی ڕەمزدار بۆ هەڵسوکەوت و ئەتواری مرۆڤەکان، کە زۆرجار ناتوانین بە کەسێک بڵێی ڕەوشتت ناشیرینە و تۆ بێزارکەری یان ڕەزیل یا درۆزنی ....هتد، بەڵام لە ڕێگای تەوزیف کردنی گیانداران بۆ گوزارشتەکان هەم دەربڕینەکان بە ئازادانە و سانای تر دەربڕان، هەمیش بوون بە جوانییەك و گەمەیەکی هونەری دەقەکەیان ڕازاندەوە.

### ٢-١ پەیوەندی نێوان ڕەمز و گیانداران:

ئەگەر تەماشای شارستانییەتە دێرینەکان بکەین دەبینین گیاندارەکان بەشێک بوونە لەو ڕەمز و هونەر و نەخشانەی کە لەسەر دیوار و بەرد و دەرگاکان کێشراون، هەریەک لەو وێنە هەڵکۆڵدراوانە ((هەڵگری هێز و ڕەمزی ئایینی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بوون یانیش پەیوەست بوون بە داب و نەریت و ئەفسانە)) (ناصر، 2022: 22). ئەمە جگە لەوەی وێنەی زۆربەی زۆری خواوەندەکان لەسەر شێوەی گیاندارەکان یان بە پەیکەر دروستکراون یان لەسەر بەردی دیوارەکان وێنەیان هەڵدەکۆڵدرا، هەر گیاندارێک دەکرا بە ڕەمزی خواوەندێک، بۆ نموونە (مار و شێر ڕەمزی خواوەندی عەشتار و مانگا ڕەمزی خواوەندی ننخرساک بوو، ڕەمزی خواوەند مورو تەگە بوو، گا ش ڕەمزی خواوەندی ئادد بوو) (الجبوري، ؟). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەمز و پەیوەست کردنی بە وێنەی گیاندار ((پەیوەندییەکی بەتینی بە ئاینەکانەوە هەبووە)) (حەمەد، 2012: 50).لەهەمان کاتەشدا ئاژەڵەکان بوونە بەشێک لەئیلهام بەخشینی داهێنانی هونەری سەر تاشە بەردو نووسینی سەرخشتە قورینەکان و دانانی خواوەند و پەیکەرسازی.

ئەم پیرۆزکردنی گیاندارانەش وایکرد لە کاتێکی زۆر زوودا گیاندارەکان بچنە ناو بەشە جیاجیاکانی ئەدەب، بۆ نموونە ئەگەر سەیری کۆنترین داستانی ئەدەبی میسۆپۆتامیا بکەین، کە داستانی گلگامشی سۆمەری بوو، چەندین ئاژەڵ و گیاندار دەبینین کە بەشدارن لە بەرەو پێش بردنی ڕووداوی داستانەکە وەک خواوەندی گا کە بۆ هێرشکردنە سەر ئەنکیدۆ گلگامش دێت و لەگەڵ چەندین ڕووداوی تری پەیوەست بە ئاژەڵ لەناو داستانەکە (حەمید، 2017: ؟).

هەروەها داستانی ئەلیادە و ئۆدیساش، کە یەکێکی ترە لە کۆنترین داستانەکان چەندین گیانەوەری خورافی و ڕاستەقینە ڕۆڵی تێدا دەبینن و هەیکەلی ئەو ئەسپە دارینەی کە لە داستانەکەش دروستدەکرێت ڕۆڵی گەورەی لە گۆڕانی ڕووداوی داستانەکەدا هەیە.

هەردوو کتێبی بەناوبانگی ئەدەبی سەرزاری (هەزار و یەک شەوە) و (کەلیلە و دمنە)ش ڕەمزێکی زۆری گیاندارانیان تێدا تەوزیف کراوە و بوونەتە ڕەمز بۆ چەندین کەسێتی و ئامانج و مەبەست، بەتایبەت (کەلیلە و دمنە)، کە لەسەر زمانی گیانداران نواندنی ژیانی مرۆڤەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەسایەتییەوە دەکات.

ئەم نموونانەی باس کران لە کۆنترین داستان و بەسەرهات و ئەفسانە و حیکایەتەکانی ئەدەبی سەرزاری بوون، پەندەکانیش، کە بەشێکی سەرەکی ئەو ئەدەبەن، پڕاوپڕن لە ڕەمزی گیاندارانی ماڵی و کێوی و ئاوی و خشۆک و زیندەوەرەکان، کە لەناو پەندەکاندا یان بوون بە کەرەستەیەک و بەشێک لە بنیاتی پەند و مەبەستێکیان پێ ڕوونکراوەتەوە، یاخود کراون بە ڕەمزی کەسایەتی مرۆڤ و بەها و دژەبەهاکانیان پێ دەرخستراوە.

لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی ئەم گیاندارانە بۆ ڕەمز وەکو یارییەکی هونەری لێدێت و ئیستاتیکا بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە لە هەر شوێنێک ڕەمز بۆ دەربڕینی بیر و مەبەستەکان بەکارهات ئەوا ئەو بەرهەمە دەبێتە شاکارێک لە شاکارەکانی داهێنان و زیاتر بە چێژکردنی ئەوەی پێشکەشی دەکات.

کەواتە ((ڕەمز جۆرێکی دێرینی دەربڕینە لەگەڵ مرۆڤ و لە سەرەتای شارشتانیەتەوە سەری هەڵداوە و هەمیشە کانگایەکی چڕی دەربڕین بووە)) (حەمەد، 2012: 29) و، بووەتە سەرچاوەیەکی جوانی و ئاماژە بەخشین و قووڵبوونەوە و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز.

### ٣-١ پەیوەندی نێوان ڕەمز و کەسێتی لە ڕوانگەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسییەوە

لە هەر مرۆڤێک وردبینەوە سەرەڕای ئەوەی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ مرۆڤەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسێتییەکی هەیە لەوانیتر جودای دەکاتەوە.

لەرووی سایکۆلۆژییەوە ((مەبەست لە کەسێتی ئەو تاقانێتییە، کە تاکێک خۆی بەتەنها هەڵگریەتی و لە مرۆڤەکانی تر جیای دەکاتەوە، وەکو پێکهاتەیەکی بەردەوامی پێکەوە گرێدراو دەبینرێت، کە مرۆڤ لە دۆخی جۆراوجۆر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە هەمان ڕێگای تایبەتی خۆی ڕەفتار دەنوێنێت)) (قەزاز، 2010: 12).واتە هەر مرۆڤێک بۆخۆی هەڵگری سیفاتی خۆیەتی و بەجۆرە شێوازێکی تایبەت دەژی، مرۆڤ هەیە خێرا هەڵدەچێت و تورە دەبێت، کەچی کەسێکی تر دەبینی لەسەرخۆ بیر دەکاتەوە، ڕۆشنفکرە، خۆڕاگرە. مرۆڤ هەیە کەسێکی کۆمەڵایەتی بەخشندەیە هەیە دووره پەرێزه یان بێزارکەر و زۆربڵێیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسێتییەی مرۆڤ هەیەتی لەڕێگەی ڕەفتاری ناو کۆمەڵگە ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ((کەسێتی و ڕەفتار، پەیوەندیەکی پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە ... ئێمە لەڕێگەی ڕەفتارەوە دەتوانین کەسێتی مرۆڤێك بخوێنینەوە)) (قەزاز، 2010: 12).

بێگومان مرۆڤیش ڕەفتار لەناو کۆمەڵگە دەنوێنێت، بۆیە کۆمەڵناسان پێیانوایە ((کەسێتی لەزۆرێک لە رووەکانیەوە نوێنەری کۆمەڵگەیە و ...... تاک و کۆمەڵگە جگە لە دوو ڕووی یەک ڕاستی هیچی تر نین)) (ئەلوەردی، 2015: 8).کەواتە تاک و کۆمەڵگە دوانەیەکی لێک دانەبڕاون و ڕەمزن بۆ یەکتری، چونکە ((کەسێتی مرۆڤیش لەو قاڵبانە دادەڕێژرێت کە کۆمەڵگە دروستیان دەکات، هەر بۆیە ڕۆڵەکانی یەک کۆمەڵگە لەزۆرێک لەخەسڵەتە کەسیەکان لەیەک دەچن)) (ئەلوەردی، 2015: 9).

پەندە کوردییەکان وەکو بەرهەمێکی بەرهەمهاتووی میللەت، کە گەل هەموو خاوەنیەتی دەبینین بووەتە ئاوێنەیەکی گەورە کە بەڕووی گەل واڵا کراوە، هەرچی دیاردەی کۆمەڵایەتی (ڕەوشت و خو و ڕووداوی ژیانی ئادەمیزاد و هەموو کردارێکی چاک و خراپ و هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەشتبێتی، چووەتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە) (ڕەسوڵ، 2010: 86).بەڵام زۆرجار دەرخستنی ئەو لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و کەسێتیانە بەشێوەی ڕەمز گوزارشتیان لێ کراوە، بێگومان بەکارهێنانی ڕەمزیش بۆ کەسێتی مرۆڤ لەناو پەندەکان یەکێک لە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو پاڵەپەستۆ دەروونییەی کە لەسەر ئەوکەسانە هەیە کە پەندەکان دەڵێن، بۆیە لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئاماژە بەوە دەکرێت ئەم بارودۆخە وادەکات تاک ((بەهۆی بیر تێژیەوە دەروانێتە نائاگایی کۆیی و لەشێوەی ڕەمز دایدەرێژێ، وەک شێوازێک بۆ دەربڕینی ڕاستیە نادیارەکان، بۆیە هەمیشە ڕەمزەکان بەوە دەناسرێن کە هێزێکی دەروونیان هەیە زیاتر لەوەی خاوەن واتای ڕاستەوخۆ بن)) (حەمەد، 2012: 63).

جا بۆ هەڵبژاردنی ڕەمزەکانیش فۆرمی جیا بەکارهاتووە، یەک لەو ڕەمزانەی بۆ گوزارشتکردن لە کەسێتی مرۆڤەکان و کردار و هەڵسوکەوتیان بەکارهاتوون (گیانداران)ن، ئەمەش بەهۆی نزیکی ئاژەڵ لە مرۆڤ و ژیانی و ئەو ژینگەیە و سەرچاوەی بژێوییەی لە ڕێگەی ئاژەڵەوە دەستی کەوتووە، ئەم پەندانە دروستبووە.

هەروەها ((زۆربەی پەندەکان، کە گیانداریان تێدا تەوزیف کراوە، وەکو ڕێگایەک بۆ گوزارشت کردن لەو حەز و ئارەزوو و شتانەی لەناو ناخیان کپ کراوە و شاردراوەتەوە، کە زۆرجار لە واقیع ناتوانرێت بەدیبهێنرێت، جا دێت بە شێوەیەکی هونەری و بەشێوازێکی چڕکراو لە مانا و دانایی دەریدەبڕێت)) (ملیکشي، 2015، ب).

گیاندارانیش بە دوو شێوە بەژدارییان لە پەندەکان کردووە یان بوونەتە ڕەمزی کەسایەتی ئەرێنی و کەسایەتی نەرێنی یان وەکو کەرەستەیەک بارودۆخێکیان ڕوونکردووەتەوە و ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی مرۆڤیان پیشانداوە.

## تەوەری دووەم: ڕەمزی گیانداری ماڵی لە پەراوێزی کەسێتی مرۆڤدا

گیاندارە ماڵییەکان بە هۆی نزیکییانەوە لە مرۆڤ بەشێکی زۆری دونیای بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی وەکو پەند و حەکایەت و ئەفسانە و مەتەڵیان ... هتد داگیرکردووە و (بوونەتە ڕەمز و نێوەندێک بۆ گەیاندنی بیرکردنەوە و هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان ... کە زۆرجار ئەم گوتە و گێڕانەوانە لە ڕووکاردا، وەکو قسە و گفتوگۆیەکە کەچی لە ناوەڕۆک و قوڵایەکەیدا ئاماژێکی مەعریفی و ڕەفتارییان هەیە). (خالد، 2016: 27)

لە پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا گیانەوەرە ماڵییەکان بەشدارییەکی بەرچاویان لە بنیاتنان و گەیاندنی مەبەست و دەرخستنی کەسایەتییەکان هەیە. ئێمە لە خوارەوەدا ئەو گیاندارە ماڵیانە پۆلێن دەکەین کە بوون بە دەرخستنی کەسایەتی و سیفەتی مرۆڤەکان:

### 2-1 ڕەمزی گیانداری بزن:

گیاندارێکی ماڵییە دانیشتووانە گوندنشینەکانی کەرکووک و گەرمیان لە کۆنەوە تا ئێستا سوودیان لەم ئاژەڵە بینیوە و لە گوندەکانیان بەخێویان کردووە. ئەم گیاندارە لە رووی دابینکردنی پێداویستی و خواردن و شتومەک سوودی زۆری گەیاندووە، ئەم پەیوەندی و کارلێکردنە وایکردووە ئەم گیاندارە تەنها بەشێک نەبێت لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکان، بەڵکو سیفەت و لێکچوون و شوێنگرەوەی لەگەڵ مرۆڤدا پێکراوە و وەکو کەسایەتی تێکەڵ بە ئەدەبی سەرزاری کراوە.

گرنگترین ئەو سیفەت و کەسایەتییانەی لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بە گیانداری بزن دەرخراون ئەمانەی خوارەوەن:

1. **کەسێتی بەدڕەوشت: وەک دەوترێت:**

بزن گ ڕۆیە قنگش ها بەدەشتەوە مەی ڕۆیە پاشش کەفتە دەشت، بزن ئابرووش بەرد (کاکەیی، 2006: 53)

ئەم پەندە بە کەسێکی بەدڕەوشت و ڕەفتار ناپەسەند دەوترێت، کە هەمیشە خەریکی خراپەکاری بێت، کەچی یەکێکی تر هەڵەیەکی کرد خێرا لێی بکات بە هەرا، بۆیە دەڵێن (بزن خۆی هەموو ڕۆژێک قنگی بە دەشتەوەیە مەر ڕۆژێک پارشۆلی کەوتە ئەو دەشتە، بزن لێی کردە هەرا)، کەواتە (بزن و مەڕ) لێرە ڕەمز و وێنای کەسمان بۆ دەکەن (بزن هێمایە بۆ کەسێکی ڕووداری بێ کەلک کە هەردەم بە دوای ئابرووی کەسانی ترەوەیە تا ئابرووی خۆی پێ پەردەپۆش بکات، کە ئەمەش لە دەرونزانی پێیدەوترێ میکانیزمی (بە سەرا بڕین)، ئەویش ئەوەیە کاتێک مرۆڤ دەبینێت هەندێک لە حەز و ئارەزو و بیر و کردارەکانی ناشیرین و بە ئازار و دژ بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتین و دەبنە مایەی ئازاردان و هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ، بۆیە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم هەستە پەنا دەباتە بەر ئەم میکانیزمەو سیفات و کردارە ناشیرینەکانی خۆی ئاوەژوو دەکاتەوە دەیلکێنێت بە کەسانی تری چواردەوریەوە. (قەرەچەتانی، 2015: 314-315).

2. **کەسێتی داوێن پیس:**

دیسان بزن کراوە بە ڕەمزی کەسایەتی بەدڕەوشت و داوێن پیس، وەکو پەندێکی باو لەناوچەی کەرکوک و گەرمیان بەکاردێت دەوترێت:

ئەگەر بزن گێلە گێل نەکات، تەگە بەر ناهاوێت (کاکەیی، 2008: 18)

لێرە بزن ڕەمزی ئافرەتێکی خراپەکارە، دەیانەوێت کەسایەتی ئەو جۆرە ئافرەتانە بەدەربخەن ئەگەر خۆیان مەیلیان لە خراپە نەبێت هیچ پیاوێکی داوێن پیس ناتوانێت نزیکیان بکەوێت .

**3. کەسێتی ئاژاوەگێر:**

گیانداری بزن لە وێناکردنی کەسایەتییەکی تردا بووە بە نموونەی کەسی سەربەکێشە و دەستوەردان لە ئیشی لەخۆی سەروتر وەکو دەوترێت: ئەگەر بزن نەیخوری، چیی بە نانی شوانەوە ئەوێ (کاکەیی، 2008: 19)

یان بە شێوەزارێکی تر دەوترێت: بزن عەنجەلێ هات، نانی شوان دەخوات (کاکەیی، 2006: 52)

**4. کەسێتی خۆویست و هەڵەشە (الانتهازي):**

لە پەندەکانی کەرکووک و گەرمیاندا بزن کراوە بە ڕەمزی کەسی خۆویست و بێبایەخ کە لەسەر حیسابی کەسانی تر پێدەگەن وەک دەوترێت: بزن گەڕ چە سەر چەشمەوە ئاو مۆرۆ (کاکەیی، 2006: 53)

واتە بزنە گەڕ لە سەرچاوەوە ئاو دەخوات، ئەم پەندە بەو کەسایەتییانە دەڵێن کە نابووت و بێ نرخ و خۆویست بن و پلەوپایەی بەرزیان وەرگرتبێ و زیاد لە پێویست هەنگاویان نابێ.

**5. کەسێتی گۆشەگیر:**

بۆ کەسێتی دوورە پەرێز و گۆشەگیر بزن کراوە بە ڕەمز، لێکچواندنیان یان لەنێواندا کراوە وەکو دەوترێت:

ماچی بزن شاخ شکیان (کاکەیی، 2008: 212)

بەیەکێک دەوترێت گۆشەگیر و دوورەپەرێز بێت کە وەکو بزنی شاخ شکاو وایە.

**6. کەسێتی زرنگ و خەمخۆر:**

زۆربەی ئەو هێما کەسێتییانەی لە پەراوێزی گیانداری بزن بۆ مرۆڤ لە پەندەکانی گەرمیان نیشاندراون، کەسێتی نەرێنی و ناشیرینن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم کورت پەند بەرچاودەکەوێت کە گیانداری بزن کرابێت بە ڕەمزی مرۆڤی وردبین و خەمخۆر وەکو وتراوە:

بزن پەی تەنیا شەوێک وێش خۆش مەکەرۆ (کاکەیی، 2008: 52)

لەم پەندەدا وا بەپەسەند دانراوە چۆن بزن بۆ شەوێک جێگەی خۆی خۆش دەکات، بەهەمان شێوە دەبێت مرۆڤی خەمخۆر و بەرێ و جێی و وردبین ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت خەمی ماڵ و منداڵ و کاروباری خۆی بێت و جێگا و ڕێگای دروست و ڕێک و پێک و ئاسوودە دابین بکات.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو وێنانەی لە ڕێگەی گیانداری بزنەوە بۆ نیشاندانی کەسێتی مرۆڤ لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیان دانراون زۆربیان وێنەی کەسێتی نەخوازراو ناپەسندن کە نازانرێ هۆکاری ئەو تێگەیشتن و لێکچواندنە لەنێوان ئەم جۆرە کەسێتییانە و ئەو ئاژەڵە چییە، کە لەخودی خۆیدا سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە تەنانەت لەلای مرۆڤی سەرەتایی کراوە بە خواوەند و پەرستراوە، وەکو سۆمەرییەکان و خاوەندی ژیان و ئاو پێتاندنیان ناونابوو ئینکی کە گیانداری بزنیان کردبووە ڕەمز بۆ ئەو خواوەندە. (الجنابي، 2007: 4)

هەروەها بە ڕەمزی بەهێزی و گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانیان دانابوو (صاحب، ؟)، لەوانەشە هۆکاری ناپەسندی گیانداری بزن بگەڕێتەوە بۆ سایکۆلۆژیای ڕەنگی ڕەش کە بەزۆری ئەم گیاندارە ڕەنگی ڕەشە، کە ((لەلای زۆرێک لە خەڵکان بە ڕەنگێکی خەماوی و ڕەمزێک بۆ کارە ناپەسندەکانی پەیوەست بە خراپەکاری و مردن و دەست درێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر دادەنرێ (فیاح، 2022)، بۆیە ئێمە لێرەدا هۆکاری ئەم ڕەمزەی گیانداری بزن بۆ کاریگەری سایکۆلۆژیای ڕەنگەکە دەگەڕێنینەوە کە کراوە بە ڕەمزی کەسایەتییە نەخوازراو و ناشیرینەکانی کۆمەڵگا، لەلایەکی تریشەوە بۆ بزێوی و بەدی خودی ئەم گیاندارە دەگەڕێتەوە، کە بەهەڵسوکەوتەکانی زۆر ئەزیەتی شوان و بێری دەدات ،ئەمەش وایکردووە وێنەیەکی پەسەندی لەزەینی خاوەن ماڵات نەبێت.

**2-2 ڕەمزی گیانداری مەڕ**

گیاندارێکی نەرمونیان و بێ زیانە و توانای بەرگریکردنی لە خۆی کەمە، بەهۆی ئەم سیفەتانەی هەیەتی لێکچوون و هاوشێوەی لەگەڵ سیفەت و کەسایەتی مرۆڤ بۆ کراوە، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

**1. کەسێتی ساویلکە:**

بە واتای کەسێکی خۆشباوەڕ و سادە و کەم زانیاری دێت، وەکو دەوترێت:

مەڕی بێ شوان گورگ ئەیخوات (کاکەیی، 2008، 167)

واتە کەسێک خۆی ساویلکە بێت کەسێکی لەخۆی گەورەتر سەرپەرشتی نەکات و ڕێگای پیشان بدات، بێگومان گورگ کە ڕەمزە بۆ کەسی فێڵباز و ستەمکار ئەوا ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و خراپە بەسەر ئەو کەسە دێنێ.

**2. کەسێتی بێ زیان و بێ دەنگ:**

ئەم جۆرە کەسایەتیانە لەناو کۆمەڵگا بە کەسانێک دەوترێت کە نە بەگفتولفتن و نە خۆیان تێکەڵ بە کاری کەس دەکەن، زۆریان پێیان دەوترێت دەڵێ ی مەڕە، بۆ نموونە دەوترێت:

مەی فەقیرەن گورگ مۆرۆش (کاکەیی، 2006، 229)

واتە مەڕ فەقیرە و گورگ دەیخوا، بەڵام ئەم پەندە لە ناوچەی کەرکوک و گەرمیان بەهۆی دەربڕین و ئاوازەکەی و بەتەنزەوە دەوترێتە کەسێک، کە ناو و ناوبانگی بە کەسایەتییەکی فەقیر و بێ دەنگ ڕۆیشتبێ لەڕاستیشدا لەوانەیە وا نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دەبینرێ گیانداری مەڕ کراوە بە ڕەمزی کەسێتی بێ دەنگ و فەقیر.

لێرەدا تێبینییەکان دەچنەسەر ئەوەی کە مەڕ بە بەراورد لەگەڵ گیانداری بزندا کەسێتی جیاوازی پێ بەخشراوە، هیچ نەبێت کراوە بە ڕەمزی جۆرە کەسایەتییەک کە بەدڕەوشت و ناپەسند نین، لەوانەشە وەکو سایکۆلۆژیای ڕەنگی ئاژەڵەکان لە دانانی ڕەمزی کەسایەتییەکان کاریگەری هەبووبێت، بزن

ڕەشە بۆ ڕەفتارە بێزار و نابەجێیەکانی کەسایەتی مرۆڤ دادەنرێت و ڕێژەی زۆرینەی ڕەنگی سپی گیانداری مەڕیش لەگەڵ سیفەتی نەرمی و لەسەرخۆیی و بێ زیانی بۆ ڕەمزی کەسایەتی سادە و ساکار هەڵبژێردراوە.

### ٢-٣ ڕەمزی گیانداری گا و مانگا:

یاخود لەناو کورد زۆر جار جوانەگاش بەکاردێت، نێرەی مانگایە و بەڵام لەو بەهێزتر و شەڕەنگێزترە، بەهۆی ئەوەوە کراوە بە ڕەمز بۆ زۆر لە ڕێوڕەسم و بیروڕا ئاینیەکان، لەناو ئەفسانەی زۆربەی میللەتان ڕەمزی ئازایەتی و خاوەندی کشتوکاڵ و بروسک و شەڕە و پارێزگارکردنی مرۆڤەکان بووە، (محمد، 2023)، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەلای بەشێک لە نەتەوەی هیند و ئەوروپییەکان پیرۆز و پەرستراوە. لە پەندە کوردییەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان گا و مانگا هەردووکیان کراون بە ڕەمزی کەسایەتی مرۆڤەکان و بە هەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی ڕۆڵیان پێدراوە، وەکو ئەمانەی خوارەوە:

1. **کەسێتی گێل و گەمژە:**

وەکو گا هەر مل ئەنێیت (کاکەیی، 2008: 178)

ئەم پەندە بۆ کەسێک دەوترێت، کە کەسایەتییەکی گەمژە و گێل و وێلی هەبێت بەبێ ئەوەی بیر لە کارێک بکاتەوە و شانی داوەتەبەری و سەرەنجام زەرەری کردووە، یاخود بە کەسێکی گەلحۆی هیچ نەزان دەوترێت ڕاست و چەپ مل بنێت.

2. **کەسێتی سەخی و باش:**

مانگاو مەرد و دۆ بڕیا (کاکەیی، 2006: 220)

بە یەکێک دەوترێت گەورەیەکی زانا و بەکەڵکی مردوو بێت، کەواتە مانگا بۆ ڕەمزی کەسێکی بەخشەر و عاقڵمەند دەوترێت.

3. **کەسێتی خراپ و خراپکردنی کەسانی تر:**

لێرەدا گا کرا بە ڕەمزی ئەو کەسایەتییە خراپانەی کەسانی تریش بەخۆیانەوە دەگلێنن، وەک دەوترێت:

گاوێ ڕیخن، گاوەلێ ڕیخن مەکەرۆ (کاکەیی، 2008: 198)

واتا گایەکی ڕیخن گاگەلێ پیس دەکات.

4. **کەسێتی ئاژاوەگێڕ و سەر بە گۆبەند:**

گ ئوێنێ چەچێر سەر گاوە پیرە (کاکەیی، 2008: 198)

واتا هەموو پیلان و فروفێڵ و ئاژاوەیەک، خەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤێکی بەساڵاچوو، هەرچەند بە ئەزموونە بەڵام بیروڕا و گۆبەندێکی ناوەتەوە کە کەسانی بچوکتر لەو پێ ی ڕازینین.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕەمزی گا و مانگا ئەوەیە، کە بەگوێرەی سیفەتی هەریەک لەو گیاندارانە کەسێتی مرۆڤەکان بەدەرخراوە، واتە لەبەرئەوەی مانگا لەسەرخۆیە و وەکو جوانەگا شەڕانگێز نییە کەمتر کراوە بە ڕەمزی کەسایەتی نەخوازراو، بەپێچەوانەوە زیاتر سیفەتە سەرەڕۆکان بە ڕەمزی گا لکێندراوە.

### ٢-٤ ڕەمزی گیانداری کەر:

ئەم گیاندارە لەناو خەڵک بە گیاندارێکی بەستەزمان و گوێڕایەڵ و گوناهـ دادەنرێت، لە هەمان کاتدا کراوە بە ڕەمزی گێلی و نەزانی و بێ عەقڵی، (کەر) بەزۆر شێواز لەناو پەندەکانی ناوچەی کەرکوك و گەرمیان ڕەنگی داوەتەوە و کراوە بە ڕەمزی کەسایەتی جۆراوجۆر وەکو:

1. **کەسێتی ترسنۆک:**

هەر وە ترین چە دەس گورگ نەجاتش نمۆ (کاکەیی، 2008: 274)

لەو پەندەدا ئاماژە بەوە دەکرێت، کە کەر بە ترین لە دەست گورگ ڕزگاری نابێت، ئەمە بەکەسێکی ترسنۆک دەوترێت، کە خۆی ئامادە نەکردبێت و چەک و ئامێری بەرگری پێ نەبێت کەچی بچێت بەگژ دوژمندا.

2. **کەسێتی نەزان:**

هەر وە دوو دەنك يەو مەزەرنۆ (کاکەیی، 2008: 275)

ئەمە بە یەکێکی نەزان و بێ ئەزموون دەوترێت کەر بە دوو دەنك جۆ دەزەڕێنی، واتە کەسی نەزان دوو دیناری کەوتەدەست لەخۆبایی و لووتبەرز دەبێت.

هەر سەبارەت بەم کەسایەتی نەزان و ڕەمزی کەر، لە پەندێکی تر نزیک لەمەیان لە ناوچەی گەرمیان دەوترێت:

ئەگەر هەر لغاو بکێو وێش وە ئەسپ مەزانۆ (کاکەیی، 2008: 42)

واتە ئەگەر کەر لغاو بکرێت خۆی بە ئەسپ دەزانێ، چەندە ڕێز لە مرۆڤی گەمژە و نەزان بگری خۆی بە گەورە دەزانێت.

3. **کەسێتی ستەمکار:**

میرات کەر، هی کەمتیارە (عبدالواحد، دەستنووس)

ئەم پەندە لە ناوچەی کەلار دەوترێت، لێرەدا کەر کراوە بە ڕەمزی کەسی ستەمکار لەدوای مردنیشی لە خراپە زیاتر هیچی لە دوا بەجێ نامێنێت، کەسانی وەکو خۆیان هەڵگری بەرنامەی خراپی دەبن.

4. **کەسێتی بێ نرخ و بێ ئاست:**

لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووك و گەرمیان کەر کراوە بە ڕەمزی کەسێکی بێ نرخ و بەکەڵک نەهاتوو، کە هەرگیز بەهیچ شت چاوەڕوانی گۆڕانکاری لێ ناکرێت.

- کەر بە کورتانی تازە نابێ بە شێر

- کەر بچێتە بەغدا نابێتە هێستر (کاکەیی، 2006: 104)

لە پەیوەندی ڕەمزی گیانداری (کەر) و پەیوەستکردنی بە کەسێتی نەخوازراوی ناو کۆمەڵگای مرۆڤ، بۆمان دەردەکەوێت مەرج نییە ئەم لێکچوواندنە بەهۆی بێ کەڵکی و بێ نرخی گیانداری کەر بێت، بەپێچەوانەوە لە مەودایەکی تردا بیرکردنەوە و هەڵوێستی خۆویستی مرۆڤ پیشان دەدات، کە ئەگەر کەسێک چەند دڵسۆز و یارمەتیدەر و ئیشکەر بێت، مرۆڤەکان ئەم هەڵە دەقۆزنەوە و ئەو کەسانە بە ساویلکە و گێل دادەنێن و لە جێگەی چاکە و

ڕێزگرتن لێیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریاندێنن و بەکەمیان دادەنێن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم پەندانە بکەین کە دەوترێت: ئەگەر (کەر بۆ شایی بانگ بکرێ یا بۆ ئاو کێشانە یا بۆ بار کێشانە) (کاکەیی، 2008: 42)، کە ئەمەش دەروون و کەسایەتی بەشێک لە مرۆڤەکان نیشان دەدات کە چۆن کەسانی تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن و بەکەمیان دادەنێن، یان وەکو لە پەندێکی تر دەوترێت: (ئەم کەرە نەبێت کەرێکی تر .... کورتانی دەکەم بە ڕەنگێکی تر) (کاکەیی، 2008: 47)، لێرەش لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەمزی کەر، کەسایەتی بەشێک لە خاوەن کارەکان دەرکەوتووە، کە چۆن کەسانی دڵسۆز و ئیشکەر لەلای ئەوان تەنها هەژماری ئاژەڵێکی بارهەڵگری وەکو کەری بۆ دەکرێت، کەواتە بەهۆی ڕەمزی کەر و پەیوەستکردنی بە کەسایەتی مرۆڤەکان جۆرە کەسایەتییەکانی تری مرۆڤ بەدەردەکەوێت کە فێڵباز خۆویست و بەرژەوەند خوازە، هۆکارە بۆ ناوانی کەسانی بەڕێز و سادە و بێ فرۆفێڵ بە ئاژەڵی کەر.

## ٢-٥ ڕەمزی گیانداری حوشتر:

ڕەمزی وشتر لەناو پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی گەرمیان بۆ نیشاندانی کەسایەتی ئەم جۆرە مرۆڤانە نیشاندراون:

1. **کەسێتی نەزان:**

حوشتر و هۆڵەشان نەواتن (کاکەیی، 2008: 115)

ئەمە بۆ یەکێک دەڵێن کە لەهیچ ئیشوکارێک سەر دەرنەکات، بۆیە دەڵێن وشتر و گێرەیان نەوتووە.

2. **کەسێتی نەشیاو:**

حوشتر وە قاپقاپشان نەواتن

حوشتر و حەمام چێش (کاکەیی،2008: 114)

لەم پەندانە حوشتر کراوە بە ڕەمزی کەسانی نەشیاو، کە کەسایەتی لێهاتوو و پتە و ڕێکوپێکیان نییە تا شایستە بە ئیشوکار بن، بۆیە دەڵێن وشترو قاپقایەیان نەوتووە، یان گەرماو بە حوشتر چی.

3. **کەسێتی دواکەوتوو:**

وەک میز حوشتر، وەرەو دماوە دەروا

بە یەکێکی دواکەوتوو دەڵێن کە ناتوانێ بەرەوپێش بڕوات لە جیاتی شت فێربێت کەچی بەرەودواوە بگەڕێتەوە، جا بەو جۆرە کەسانە دەڵێن وەکو مێزی حوشتر وان هەر بەرەودواوە دەڕۆن.

4. **کەسێتی درۆزن:**

وەک دەوترێت:

واتشان وە حوشتر چە کۆڵا بیت؟

واتش: چە حەمام، واتشان وەقاپ و قوله ڕیخاویەکەتەوە دیارن (کاکەیی، 2006: 244)

ئەم پەندە بەیەکێکی درۆزنی کەڵەباز دەوترێت، کە درۆی گەورە گەورە بکات و پێی وابێ بۆی دەچێتە سەر، بۆیە دەڵێن بەو وشتریان وت لە کوێ بووی. ووتی: لە حەمام، گوتیان بە قاپ و قۆڵە ڕیخاوییەکەتەوە دیارە.

## ٢-٦ ڕەمزی گیانداری سەگ (سپە):

ئەم گیاندارە بەهۆی بەوەفایی و زرنگییەکەوە، لەدێر زەمانەوە بووە بە دۆستی مرۆڤ، بۆیە هەم لە قسەو باسی ڕۆژانە هەم لە گیاندارەکانی تر زۆرتر شوێنی لەناو بەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووك و گەرمیان داگیرکردووە، کە لە بەشێک لە پەندەکان بووەتە ڕەمزی کەسایەتی جۆراوجۆری ناو کۆمەڵگە، لە بەشێکی تریشیان تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی کەسایەتییەکی تایبەت ناوی هێندراوە. وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

1. **کەسێتی ترسنۆک:**

لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان سەگ کراوە بە ڕەمزی کەسێکی ترسنۆکی چەنەباز کە هەر خۆهەڵکێشان و هەڕەشە و سینگ دەرپەڕاندنی لە جێوە بێت کرداری نەبێت، وەکو دەوترێت:

سپە چە وەردەم یانەی وێشەرە دەمش هارن (کاکەیی، 2008: 157)

سەگ لە بەردەم ماڵی خۆیاندا دەمی هارە، یان دەوترێت سەگ لەبەر دەرگای خاوەنی درە.

هەر لە ناوچەی کەرکووکدا لە پەندێکی تر دەوترێت:

سەگی هەڵەوەڕ، کەم ئەگەزێ (کاکەیی، 2006: 119)

کەواتە یەک لەهەرە باوترین ئەو کەسایەتییانەی لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بە ڕەمزی سەگ بەستراوەتەوە، کەسێکی ترسنۆکە و زمان درێژە، بۆیە وەک دەبینرێت بە فۆڕمی جۆراوجۆر گوزارشت لەو کەسێتییە کراوە و ڕەمزی سەگی هەڵەوەڕی بۆ دانراوە.

2. **کەسێتی خراپ:**

وەکو دەوترێت: سپە چ سپە بەردە، خۆت تەماشاکە (کاکەیی، 2006: 156)

واتە سەگ لە سەگ بەردە یان خراپ لە خراپ بەردە تۆڵەی تۆیان لێ دەبێتەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ کەسێتی خراپ و چەپەڵ دەوترێت:

سپە سپە دەناسێ (کاکەیی، 2006: 157)، واتە چەپەڵ و خراپ کەسی وەک خۆی دەناسێ.

3. **کەسێتی دووڕوو:**

وەک دەوترێت: سەگی سەر ملە بە دوولا ئەوەڕێ (کاکەیی، 2008: 118)

لێرە سەگ ڕەمزی کەسێتییەکی دووڕووە، کە بۆ دوولا دەخوێنێت.

4. **کەسێتی مشەخۆر و نەفس نزم:**

وەکو دەوترێت: سپە چەقاسوخانە نەمرۆ عومریش وەخەسار مەلۆ (کاکەیی،2006: 157)
ئەم پەندە بەشێوازێکی سوکایەتی بەکەسی بەد نەفس و مشەخۆر دەگوترێت کە وەک سەگ لەسەر خواردنی ئەملا و ئەولا نەمریێ، واتە دەزانێ تەمەنی بەفیرۆ ڕۆیشتووە.

**5. کەسێتی نالەبار و نمەک نەناس:**

وەکو دەوترێت: سەگی خۆمانە پاسی بێگانە دەکات (کاکەیی، 2008: 118)
ئەمە بەو جۆرە کەسێتییانە دەوترێت کە پشت لە خزم و کەس بکەن و یاخود نەتەوەی خۆیان فەرامۆش بکەن و ببنە داردەستی بێگانە و خزمەتیان بکەن.
لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا ڕەمزی گیانداری سەگ پشکی شێری بەرکەوتووە، لە هەندێکیان ئەگەر نەبووبێت بە ڕەمزی کەسێتی مرۆڤ ئەوا بەشێوازێک لە شێوازەکان بووەتە ڕوونکردنەوە بۆ هەندێک لە کەسایەتییەکان، وەکو دەوترێت:
سپە بۆ وەنەشەوە نمەکەرۆ (کاکەیی، 2006: 156)
واتە ئەوەندە کەسێکی خراپە و بۆگەن و بەدڕەوشتە سەگ بە خراپی خۆی بۆنیشی ناکات.
یان وەکو لە پەندێکی ناوچەی خانەقین دەوترێت:
ئەگەر وە تەماشاکردن بووە، سەگ بووە قەساو (عبدالوحد، دەستنووس)
لێرەدا سەگ بووە دەرخستنی ڕەمزی ئەو کەسانەی چاو لە دەرن و ڕەوشتیان بەرز نییە.
لە ڕەمزی گیانداری سەگدا هەر وەک گیانداری (کەر) ئەوە بەدەردەکەوێت، کە ئەم دوو گیاندارە لە واقیعدا زۆر گوێڕایەڵ و ئەمەکدارن و یارمەتی زۆری مرۆڤەکان دەدەن، کەچی بە دەگمەن نەبێت لەناو پەندەکاندا سیفەتی کەسایەتی چاک و بەڕێز و ئازایان نەدراوەتە پاڵ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی هەڵوەستەیە، کە مرۆڤ دەبێت زیاتر گرنگی بە پێگەیاندنی کەسایەتی خۆی بدات و بە گوێرەی سنوور و پێویستی نەبێت دڵسۆزی بۆ مرۆڤەکان نیشان نەدات.

## ٢-٧ ڕەمزی گیانداری پشیلە:

ئەم گیاندارە لەناو کورد و زۆربەی میللەتان بە ئاژەڵێکی بێ وەفا و سپڵەو ڕوودار ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو خەڵکی بە گشتی ((گیاندارێکی خۆشەویستە و بەزۆری خەڵکی هاوسۆزی لەگەڵ دەنوێنن)) (الباش، 1986: 293). هەروەها لە بیروڕای هەندێک کەسیشدا ((جنۆکە دەچنە شێوەی پشیلەوە، بۆیە پشیلە سامێکی هەیە و نابێ لێیبدرێت، چونکە لە جنۆکە دەدرێ و ئەویش تۆڵە دەستێنێ)) کاکەیی، 1989: 52)، یان زۆر کەس ((وا دەزانێت پشیلە حەوت ڕوحی هەیە)) (کاکەیی، 1989: 51).
لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لەوانەیە ئەم بیروڕا و هۆکارانە وایان کردبێت گیانداری پشیلە لەچاو بەشێک لە گیاندارە ماڵییەکانی تر کەمێک تایبەتمەندی وەرگرتبێت، بەتایبەت بە بەراورد لەگەڵ سەگ کە خەسڵەتی وەفادارییشی هەیە کەچی لە پشیلە بێزراوترە، ئەمەش لەلایەک لەبەرئەوەی وا گومان دەبرێت پشیلە پەیوەندی بە جیهانێکی ونبووەوە هەیە کە جنۆکەیە، لەلایەکی تریشەوە هۆکارەکەی بۆ ئاینی ئیسلام دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کورد موسوڵمانن، لەناو ئەم ئاینەش گیانداری سەگ خاوێن نین و دەتوانێت شەیتانی دوژمنی مرۆڤ ببینێت، بەڵام لە بەرامبەر پشیلە بە پاک دانراوە و هەندێک لە کەسانی ناوداری موسوڵمانیش هاوڕێیەتییان لەگەڵ کردوون، بێگومان ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر وێنەی هەریەک لەم گیاندارانە لە هزری مرۆڤدا، بەزۆریش بەگوێرەی ئەم وێنانەی کەسایەتییان لەهەمبەردا دەکێشرێت.
ئەو کەسایەتییانەی لە ڕێگەی ڕەمزی پشیلەوە لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان دیاریکراون ئەمانەی خوارەوەن:

**1. کەسێتی زۆرزان و فێڵباز:**

وەکو دەوترێت: ماچی پشیلەن قەت پشتش وەڕەی نمەکەوە (کاکەیی، 2006: 212)
لێرە پشیلە بووە بە ڕەمزی کەسێکی فێڵباز و زۆرزان کە قەد پشتگری بە ئەرز ناکەوێت و قەت نادۆڕێنێ.

**2. کەسێتی سپلە و بێ وەفا:**

وەک دەوترێت: ماچی پشیلەن چەم مەنویقنۆ (کاکەیی، 2006: 212)
ئەم پەندە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پشیلە بێ ئەمەک و سپلەیە، دەڵێ وەکو پشیلەیە چاو دەنوقێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕا و بیرکردنەوەیەکی گەرمیانییەکان کە پێیان وایە ((پشیلە لەکاتی خواردندا هەردوو چاوی زۆر کز دەکات .... گوایە بۆیە وادەکات تا لە پاشەڕۆژدا بڵێت ساحێبەکەم لە ئاستم دڵڕەق و بێ بەزەیی بووەو نەمدیوە هیچ خواردنم پێبدات، ئەمەش دیسان بێ وەفایی پشیلە دەگەیەنێ)) (کاکەیی، 1989: 51)

**3. کەسێتی مۆن و بەزیان:**

وەکو دەوترێت: پشیلەی مۆن، دونگی زل ئەبا (کاکەیی، 2008: 60)
لێرە پشیلە کراوە بە ڕەمزی کەسانی بێ دەنگ و مۆن، کە بەبێ ئاگا زەبر ئەوەشێنن.

**4. کەسێتی متمانە پێنەکراوە:**

وەکو دەوترێت: پشیلە بێ و نۆبەچی دونگ بێ (کاکەیی، 2008: 59)
واتە کەسانێک هەن جێگای متمانە نین و ناکرێت بکرێنە چاودێری کار و ئەمانەتیان پێ بسپێردرێت.

**5. کەسێتی نارەحەت و هەرەپاس:**

وەکو دەوترێت: ماچی پشیلەی پا سوچیان (کاکەیی، 2006: 212)
ئەم پەندە بە یەکێکی بێ ئۆقرە و نارەحەت دەوترێت کە هەمیشە بێ ئیش و کار و ئەمسەر و ئەوسەر بکات، بۆیە دەڵێن (دەڵێی پشیلەی پێ سووتاوە).

**6. کەسێتی بەدەسەڵات و خاوەن بڕیار:**

وەکو دەوترێت: پشی چە یانە نەوی، بۆیە مویشگەل تلیلیشیان بی(کاکەیی، 2006: 69)

پشیلە لێرە ڕەمزی گەورەی خێزانێکە کە بە هەبوونی لە حاڵەتدا بە دەسەڵات و خاوەن بڕیار و هیچ کەس ناتوانێت بەگوێی نەکات و پێ بەخواری دابنێ، بۆیە دەڵێت پشیلە لە ماڵ نییە و مشکیش دەرفەتی بۆ ڕەخساوە و ترسیان نییە.

**٢-٨ ڕەمزی گیانداری ئەسپ:**

ئەسپ گیاندارێکە بە ڕەمزی ڕەسەنایەتی و ئازایەتی و سەرکەوتن دادەنرێت لەناو گیاندارە ماڵییەکاندا، ڕەمزی (ئەسپ) لەناو پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان کەمتر کراوە بە ڕەمزی کەسایەتییەکان و زیاتر وەکوو کەرەسەیەک بەژداری لە پێکهێنانی پەندەکاندا کردووە، گرنگترین ئەو کەسێتییانەی بەهۆی ڕەمزی ئەسپەوە دیارکراون ئەمانەی خوارەوەن:

1. **کەسێتی ئازا و بەجەرگ:**

وەکو دەوترێت: ئەسپی خێرا لە خەندەقا ئەمرێ (کاکەیی، 2008: 17)

لێرە ئەسپ بەرامبەر بە کەسانی چاونەترس و بەجەرگ بەکاردێت و ئەسپ بۆیان کراوە بە ڕەمز.

2. **کەسێتی ڕێک و پێکی و چاکی:**

وەکو دەوترێت: ئەسپی ڕەسەن زینش گەرەک نییەن (کاکەیی، 2006: 32)

لێرە مەبەست ئەوەیە مرۆڤێک خۆی ڕێکوپێک بێت پێویستی بە ڕێنمایی کردن نییە، لەبەرئەوەی خۆی نەجیبزادە، باش ڕاهێنراوە، بۆیە ئەسپی ڕەسەن پێویستی بە زین نییە، لێرە ئەسپ ڕەمزە بۆ ئەم جۆرە مرۆڤانە.

3. **کەسێتی ڕەفتار خراپ:**

وەکو دەوترێت: ئەسپ سەیری سواری سەرپشتی خۆی دەکات (کاکەیی، 2008: 16)

لێرە ئەسپ کراوە بە ڕەمزی کەسایەتی ئافرەت کە خراپ و گەرۆک و چاولەدەر و ڕەفتاریشی باش نەبێت، لەهەممان کاتیش پیاوەکەشی ناتوانێت بە دروستی ناموسی خۆی بەخێو بکات، بۆیە دەوترێت ئەسپ سەیری سواری سەرپشتی خۆی دەکات.

ڕەمزی ئەسپ لە پەندەکانی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان بەگشتی زۆر سوودی لێ وەرنەگیراوە، چونکە بەهۆی سروشتی ناوچەکە و پێداویستی ژیانی ئەم ناوچەیە کەمتر لە ئاژەڵە ماڵییەکانی تر گرنگی بە ئەسپ دراوە، لەلایەکی تریش ئەسپ گیاندارێکە نرخی گرانە و بەخێوکردنی ئاسان نییە، ئەمەش وادەکات کەمتر بتوانرێ بەخێو بکرێ و بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیان، بەم جۆرەش ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی کەمتر بەریەککەوتنی لەگەڵ وێنە و ڕەمزی کەسایەتییەکانی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان هەبێت.

**٢-٩ ڕەمزی گیانداری مریشک:**

مریشك یەکێکە لەو باڵدارە ماڵییانەی بەهۆی نزیکی لە مرۆڤ، بووەتە ڕەمزی کەسایەتی لەناو پەندە کوردییەکاندا، گرنگترین ڕەمزەکانی مریشک لەناو پەندەکانی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. **کەسێتی ڕەزیل:**

وەکو دەوترێت: مامر چەند قەڵەو بێ قنگی تەسک ئەبێتەوە و هێلکە ناکات (کاکەیی، 2008: 162)

لێرە مریشک بووە بە ڕەمزی کەسێتییەکی دەوڵەمەندی پسکە کەهیچ خێروێری بۆ هەژاران و کەس و کاری خۆی نەبێت.

2. **کەسێتی نەزان:**

وەکو دەوترێت: مامر وێش بیل وەسەر وێشەرە نەکەرۆ کەس بیل وەسەر شەرە نمەکەرۆ (کاکەیی، 2006: 220)

لێرە مریشک کراوە بە ڕەمزی کەسی دونیا نەدیتەو نەزان، ئەگەر خۆی زیان بە خۆی نەگەیێنێ و باس و خواسی خۆی بۆ خەڵک باس نەکات، هیچ کەس ناتوانێت ناوی بەخراپە ببات، بۆیە دەوترێت: مریشک خۆی خۆڵ بەسەر خۆیا نەکات .... کەس خۆڵی بەسەرا ناکات.

3. **کەسێتی کەمتەرخەم (إهمال):**

وەکو دەوترێت: مامرەی قونەی چوکڵ وەقوینە ئەمە ئەوەڵتە، ئاخرت چوینە (کاکەیی، 2008: 163)

ئەمە بەو جۆرە کەسایەتیانە دەوترێت، کە کاروباری خۆیان بە ڕێکوپێکی ئەنجام نادەن و هەر لە سەرەتای گرتنەبەری کارێک بەنادروستی و کەمتەرخەمی دەستپێدەکەن.

4. **کەسێتی نەفس نزم:**

وەکو دەوترێت: مریشک سەری بگاتە پاشایی هەر چاوی لە زبڵدانە (کاکەیی، 2008: 164)

لێرە مریشک کراوە بە ڕەمزی ئەو کەسایەتیە نەفس نزمانەی کە ئەوەندە بێ کەڵک و بێ نموودن، ئەگەر پلە و پایە و پارەشیان هەبێت، هەر حەزیان بە ئیشی نارێک و فروفێڵە.

5. **کەسێتی بێ هەست و بێزارکەر:**

وەکو دەوترێت: کشە کشە بۆ پۆپینە ڕەشە میوان شەوێ دوو شەو خۆشە (عبدالواحد، دەستنووس)

ئەمە بۆ ئەو جۆرە کەسایەتیانە وتراوە کە زۆر بێ هەست و بێ باکن، لەسەر حیسابی خەڵکی تر دەژین و دەبنە مایەی بێزاری دەوروبەریان.

لە ڕەمزی مریشکدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم گیاندارە خۆی ڕەگەزی مێی هەیە، بەڵام لەناو پەندەکاندا بە یەکسانی بووەتە ڕەمزی هەردوو ڕەگەزەکە و گوزارشتی لە کەسایەتیە جۆراوجۆرەکانی ژن و پیاو کردووە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوەمان لە ڕەمز و وێنەی گیاندارە ماڵییەکانی پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم پۆلە لە گیانداران زۆربەی جار وەکو ڕەمز بۆ مرۆڤ یان شت بەکاردێن، هەندێ جاریش بەوێنەی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەکەون، کەواتە گیانداران لە پەند و قسەی نەستەقدا بوونە هۆکار و نواندنێک بۆ بەها و دژبەها کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە.

## تەوەری سێیەم: ڕەمزی گیانداری کێوی لە پەراوێزی کەسێتی مرۆڤدا

گیاندارە کێوییەکان ئەو کۆمەڵە لە ئاژەڵەکان دەگرێتەوە، کە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی مرۆڤ ناژییەن و خۆیان بەدوای خۆراک و دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی خۆیانن، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی زۆریان لەشوێنی دوور لە ژیانی مرۆڤەکان دەژین، چونکە مرۆڤەکان بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ژیانیان دادەنێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم تا زۆر کاریگەری و کارلێکیان لەگەڵ ئادەمیزاد دا هەبووە و بوون بە ڕەمز و کەرەسەی زۆرێک لەو پەندانەی مرۆڤەکان لەسەر زاریان بووە.

گرنگترین ئەو ئاژەڵە کێویانەی لەناو پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بوونەتە ڕەمز و بەدیارخستنی کەسێتی جۆراوجۆر ئەمانەی خوارەوەن:

### ٣-١ ڕەمزی گیانداری شێر:

شێر یەکێکە لەو گیاندارانەی (لە هەموو شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕەمزی هێز و دەسەڵات دادەنرێت ..... لە هەر شوێنێکیش بەشان و باڵی ئازایەتی هەڵبدرێت ناوی شێر هەر دەهێنرێت) (آزادە، 2022: 98)

لەناو پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا ڕەمزی شێر لەزۆربەی زۆری وێنەکاندا بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ کەسایەتی کەسەکان دانراون دەلالەت لە ئازایەتی و بەجەرگی و چاونەترسی دەکەن، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن:

شێر چە جەنگەڵ بەرشۆ چ نێر بۆ چ ما (کاکەیی، 2006: 170)

واتا مرۆڤ ئەگەر ئازا و چاونەترس بێت، هیچ جیاوازی نییە ئەگەر مێ بێ ئەگەر نێر، لێرەدا شێر ڕەمزی ئازایەتیە بۆ ژن و بۆ پیاو.

یان دەوترێت:

شێر لە بێشە نەما، گورگ و ڕێوی ئەکەن سەما (کاکەیی، 2008: 122)

واتا ئەگەر کەسێکی خاوەن کەسایەتییەکی ئازا و بەجەرگ گۆڕەپانی چۆڵکرد، فێڵباز و دز دێنە مەیدانەوە.

### ٣-٢ ڕەمزی گیانداری گورگ:

گورگ گیانلەبەرێکی ئازا و چاونەترسە، چاوتیژ و دڕندەیە و بە یەکێک لە دوژمنەکانی ئادەمیزاد دادەنرێت، لەو کاتەوەی مرۆڤ مەڕ و ماڵات بەخێو دەکات، گورگ بووەتە یەکێک لە بەربەستە گەورەکانی بەردەمی و هەمیشە دەبێت لەبەر ئەو گیاندارە ئاگادار بێت و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئامادەبکات. ئەم پەیوەندییە لەمێژینەی گورگ و مرۆڤ وایکردووە ئەم گیاندارە ببێت بە بەشێک لە داب و نەریتە سەیرەکانی ناو کورد و لەهەمان کاتیشدا ببێت بە ڕەمزی کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی.

لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا لەبەشێک لە داب و نەریتە کۆنەکاندا زۆربەی جەستەی ئەم ئاژەڵە بۆ مەبەستی جیاجیا بەکارهاتووە، بۆ نموونە: (دەستی گورگ وشک کراوەتەوە بۆ نەخۆشی گوانی مەڕ بەکارهاتووە، پێیان وابووە ئەوەی چاوی گورگی لابێت خەوی سووک دەبێت و ئەوەشی ددانەکەی هەبێت کەس ناوێرێ نزیکی بکەوێت و زاراوەکەشی بۆ چاو باشە ئەگەر بەکاربێت و چاوتیژ دەکات) (کاکەیی، 1989: 163-164)

هەروەها لە پەندەکانی ئەم ناوچەیە گورگ بۆ ڕەمزی کەسایەتی مرۆڤەکان بەکارهاتووە، لە خوارەوە چەند نموونەیەکیان لێ دەخەینە ڕوو:

1. **کەسێتی دەست پیس:**

وەکو دەوترێت: گورگ نمەکەرێو وەشوان گەلە (کاکەیی، 2006: 244)

لێرەدا گورگ بووەتە ڕەمزی کەسێک کە ناتوانێت ئەمانەت بپارێزێ و دەستپاک نەبێت، بۆیە دەوترێت گورگ ناکرێت بە شوانی مێگەل.

2. **کەسێتی خراپەکار:**

وەکو دەوترێت: واتشان وە گورگ بۆ بەرۆژ دەرناکەوی؟ وتی کردەوەی شەوم خاس نیینەن (کاکەیی، 2006، 244)

لێرە گورگ بووتە ڕەمزی کەسێکی خراپ، کە لەبەر ڕەوشت و کرداری شەرمەزارە بەڕۆژ لەناو خەڵکی ببینرێ.

یان دەوترێت: وەرگ موژگاری و تۆبە ورنمەگیرۆ (کاکەیی، 2006: 256)

واتە گورگ ئامۆژگاری و تۆبە وەرناگرێت، کەسی خراپیش تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت دەست لە بەدڕەوشتی و خراپەکانی هەڵناگرێ و تۆبە ناکات، وەکو دەڵێن تۆبەی گورگ مەرگە.

3. **کەسێتی ستەمکار:**

وەکو دەوترێت: گورگ بەخێوکەی، خوای مەڕ ئەتگرێ (کاکەیی، 2008: 147)

واتە نابێت دەستی یارمەتی بۆ کەسی ستەمکار درێژ بکەی، چونکە دوایی خوای هەژاران ئەتگرێت، لێرە گورگ ڕەمزە بۆ کەسێکی ستەمکار.

### ٣-٣ ڕەمزی گیانداری ڕێوی:

ئەم گیاندارە لەناو زۆربەی میللەتانی دونیا بە ((گیاندارێکی فێڵباز و خراپ دانراوە، کە مافی کەسانی تر بە شەرانگێزی و ستەم کردن داگیر دەکات، بۆیە هەر کەسێک چاو لە مافی کەسانی تر ببڕێت بە ڕێوی دەچوێنرێت)) (عصیدة، 2018: 106). ئەمە جگە لەوەی سیفەتی (ترسنۆکی و لاوازی و بێ دەسەڵاتیشی دراوەتەپاڵ، چونکە بۆ بەدەستخستنی خواردن ڕێگەی فروفێڵ و چاوەشەکانی بەکاردێنێ) (الدمیري، 1992: 33).

ئەو کەسایەتییانەی دراونەتە پاڵ ڕەمزی گیانداری ڕێوی لە پەند و قسەی نەستەقی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان ئەمانەن:

1. **کەسێتی ترسنۆک:**

وەکو دەوترێت: ڕێوییە و لە پێستی شێردایە (کاکەیی، 2008: 109)

ئەمە بە مرۆڤی ترسنۆک دەوترێت، کە هەمیشە لە پێش خەڵکی خۆی هەڵدەکێشێت و خەریکی چاواشەکارییە گوایە ئازا و چاونەترسە، یان لە پەندێکی تر دەوترێت:

ڕێوی لەلای شێرەوە خەوت، کە هەڵسا هەر ڕێوی بوو (کاکەیی، 2006: 109)

لێرە ڕێوی ڕەمزی کەس و کەسێتی ترسنۆکە لە هەمان کاتیشدا کراوە بە ڕەمزی کەسێتی بێ غیرەت و بێ خێر، کە ئەگەر لەگەڵ کەسانی ئازا و خێرکەریش هەستان و دانیشتن بکات گۆڕانی بەسەردا نایەت.

**2. کەسێتی ناساغ و ناڕاست:**

وەکو دەوترێت: ڕێوی بخەوی، خەو بە کولانەی مریشکەوە دەبینێ (کاکەیی، 2008: 109)

لێرە ڕێوی بووەتە ڕەمز بۆ جۆرە کەسایەتیەك لە مرۆڤ کە هەمیشە بیریان لای خراپەکاری و بەدڕەوشتیە.

**3. کەسێتی درۆزن:**

وەکو دەوترێت: ڕێوی دەمش وە هەنجیر نەیاوەن، واچێ کەڕەشدان (کاکەیی، 2006: 151)

واتە ڕێوی دەمی نەئەگەیشتە هەنجیر ئەیوت کەرووی لێداوە، لێرەدا ڕێوی ڕەمزی کەسی درۆزنە کە ئەگەر کارێکی بۆ نەبێت بەسەر خۆی ناهێنێت، تا وا دەربخات کە خۆی نەیویستووە کارەکە بکات.

## ٤-٣ ڕەمزی گیانداری کەمتیار:

کەمتیار گیاندارێکی کێوی گۆشتخۆرە، بە پاشکۆ و چەلاولێسی گیاندارەکانی تر بەناوبانگە، لەبەرئەوەی (بەزۆری لەگەڵ شێر و پڵنگ دەردەکەوێت و جگە لەو ئاژەڵانەی خۆی ڕاوی دەکات، ڕاوی ئاژەڵانی تریش دەخوات (فریق تواصل، ؟).

کەمتیار هەرچەندە سیفەت و کەسایەتیەکی خۆشەویستی لەناو کورد دا نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دسابوونەریتی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وا باوە هەر کەس ئەندامی جەستەی کەمتیاری دەست کەوێت ئەوا ((لای خەڵکی ئێسک سووک و قسەی ڕەواجی دەبێت یا تاوانبار لە پێش دادگادا هەڵیگرتبێ دادوەر (حاکم) لە ئاستی دڵ نەرم و بە بەزەیی دەبێ)) (کاکەیی، 1989: 150).

نموونەی ڕەمزی کەمتیار لە پەند و قسەی نەستەقی کەرکووک و گەرمیان ئەمانەن:

**1. کەسێتی نەفس نزم و چاو لەدەست:**

وەکو دەوترێت: کەمتیار گۆشتی بۆگەن ئەخوا (کاکەیی، 2008: 143)

لێرە کەمتیار کراوە بە ڕەمزی ئەو جۆرە کەسانەی کە کەسایەتییەکی ناشیرینیان هەیە و هەردەم چاو لەدەستی خەڵکی ترن.

**2. کەسێتی ترسنۆک:**

کەمتیار وەک بەشێک لە ئاژەڵانی تر کراوە بە ڕەمزی کەسانی خاوەنی کەسێتی ترسنۆک وەک دەوترێت:

کەمتیار وشەو شێرەن (کاکەیی، 2006: 194)

ئەم پەندە زۆر بە کەسە ترسنۆکەکان دەڵێن کە هەر لەجێگەی خۆیانەوە هەڕەشە و گوڕەشە دەکەن.

**3. کەسێتی خراپەکار:**

وەک دەوترێت: میرات کەر، هی کەمتیارە (عبدالواحد، دەستنووس)

لێرە کەمتیار بووەتە ڕەمزی ئەو جۆرە کەسانەی نایەڵن خراپە لەناو بچێت، بەردەوامی بە کاری خراپی کەسانی ستەمکاری پێش خۆیان ئەدەن.

## ٥-٣ ڕەمزی گیانداری مار:

مار ((لە کەلەپووری میللیدا شوێنێکی دیاری لە بیر و لە ئەدەبیاتی گەلاندا داگیر کردووە، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان مار و مرۆڤ لە تێکستی ئایینی و ئەدەبیدا وەک کەلەپوورێک بۆمان ماوەتەوە ..... بە درێژایی مێژووی شارستانی مرۆڤایەتی و لێکدانەوەی بیری کۆن و تازە، خەیاڵی مرۆڤی خەریککردووە و فەرامۆش ناکرێت)) (ڕەسوڵ، 2005: 124).

مار تاکە گیاندارێکە کەهەر لەسەرەتای دروستبوونی یەکەم مرۆڤ تاکو ئێستا ڕۆڵی کاریگەری لە بنیاتنان و دروستکردنی چەندین بەسەرهات و ئەفسانە و پەند و گوتە و ئیدیەم و قسەی نەستەقدا هەبووە و لە زۆربەی زۆریشیان بووەتە ڕەمزی خراپە و دوژمن و سەرچاوەی مەترسی.

لە پەندەکانی کەرکووک و گەرمیان مار بووەتە ڕەمزی ئەم کەسایەتییانە:

**1. کەسێتی ستەمکار:**

وەکو دەوترێت: مار تا سەرش پان نەکەریە نمە تۆبۆ (کاکەیی، 2006: 218)

لێرە مار ڕەمزی کەسی ستەمکار و دوژمنە و کەسایەتیەکی خراپی هەیە، بۆیە دەڵێن تا سەری پان نەکەیتەوە ناتۆپێ و لە ڕەگ و ڕیشە دەرنایەت.

یان دەوترێت: مار هەنەن مار خۆرەکیش هەنەن (کاکەیی، 2006: 218)

واتە ستەمکار هەیە و ستەمکارێکیش هەیە لەو بەپەڵتر و خراپەکارتر بێت و دەرەقەتی ئەو بێت.

**2. کەسێتی سەرەڕۆ و نارەحەت :**

وەکو دەوترێت: ئەڵێ ی ماری کلک بڕاوە (کاکەیی، 2008: 28)

ئەم پەندە بۆ ئەو جۆرە کەسایەتییانە دەوترێت کە چۆن ماری کلکبڕاو هەردەم بە دوای ئەو کەسەیە کلکی قرتاندووە، بە هەمان شێوە هەندێک کەس هەن ئەوا نارەحەت و نائارام ناتوانن لە شوێنێک ئۆقرە بگرن.

**3. کەسێتی فشەباز:**

وەکو دەوترێت: ماری فیشکە فیشکەر، بەدوای مارمیلکە دەگەڕێت (کاکەیی، 2008: 160)

واتە مرۆڤی چەنەباز و خۆهەڵکێش هیچی لەدەست نایەت.

**4. کەسێتی بێزارکەر و مەترسیدار:**

وەک دەوترێت: مار پێ ی هەبوایە، جیهانی هەراسان ئەکرد(کاکەیی، 2008: 160)

لێرە مەبەستیان ئەو جۆرە کەسانەیە، کە دەسەڵاتیان نییە، ئینجا مەترسیدار و بێزارکەرن، بهاتبایە و دەسترۆیشتوو بوونایە، کەسایەتییان ئەوەندە خراپە هەموو شتێکیان تێکئەدا.

**5. کەسێتی ڕەقاوی و کینەدار:**

وەک دەوترێت: وەکو مار وایە، پێی لە زگیدایە (کاکەیی، 2008: 178)

مار لێرە ڕەمزی دڵ کرماوی و کینەدارە، بە ڕواڵەت کەسێکی بێ دەنگ، بەڵام بەدڕەوشتە و لەناکاو پێوە دەدا و زەبر دەوەشێنێ.

**٣-٦ ڕەمزی گیانداری مەیموون**

ئەم گیاندارە ((بووە بە ڕەمزی بێزراوی و ناشرینی و فرە جووڵەیی)) (الباش، 1992: 268)، تەنانەت زۆر جار وشەی مەیموون بۆ جنێودان بە کەسی ناشیرین و کەسی هاروهاج بە تایبەت لە منداڵان بەکاردێت، مەیموون لەناو پەندە کوردییەکاندا نموونەی زۆریان لەسەر نییە، زیاتر ڕەمزی مەیموون لە ئیدیۆم و وشەی ئاسایی بەکاردێت و مرۆڤیان پێ دەچوێندرێت، لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا مەیموون بووەتە ڕەمزی ئەم کەسایەتییانە:

**1. کەسێتی کردار ناشیرین:**

وەکو دەوترێت: مەیموون فرە جوانە ئاوەڵەش دەرکات (عبدالواحد، دەستنووس)

لێرە مەبەست ئەو جۆرە کەسانەیە کە خۆیان پەراوێزیان پاک نییە، جا خراپەشیان بۆ بێتە پێش هەر ئاوی لێ ناخۆنەوە.

**2. کەسێتی بێ سوود:**

وەکو دەوترێت: ئەڵێ مەیموونی بێ پاسە (کاکەیی، 2008: 28)

ئەمە بەو کەسانە دەوترێت کە زۆر بێ خێر و بێ کەڵک بن و لە هەمان کاتیشدا نابووت بن.

**3. کەسێتی متمانە بەخۆ بوو**

وەکو دەوترێت: مەیموون بەچکەی وێش وە بەچکە ئاسک مەزانۆ (کاکەیی، 2006: 229)

لێرە مەیموون کراوە بە ڕەمزی ئەو جۆرە کەسانەی کە کەسایەتییەکی بەهێزیان هەیە و متمانەیان بەخۆیانە و کاروبار و شتەکانی خۆیان لەلا شیرینە و چاکە، ئەگەر لە ڕاستیشدا وانەبێت، بۆیە بەو جۆرە لە کەسێتی دەوترێت: مەیموون بێچووی خۆی بە بێچووە ئاسک دەزانێ.

**٣-٧ ڕەمزی هەندێ باڵندەی جۆراوجۆر**

ناوچەی کەرکووک و گەرمیان وەکو زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان هەندێ باڵندە هەن کە بوونەتە هێمای جوانی و خۆشەویستی، لەناو پەند و قسەی نەستەقی ئەم ناوچەیە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگیان داوەتەوە، لەمانە:

- **ڕەمزی مەل:**

وەکو دەوترێت: مەل هەنەن گۆشتش مەورێو، مەلیش هەنەن گۆشتش مەدرێو (کاکەیی، 2006: 229)

لێرەدا (مەل) کرا بە ڕەمزی دوو جۆر کەسایەتی، یەکیان خزمەت دەکات و بەخشەرە، ئەوی تریان دەبێ خزمەتی بکەی لێت وەردەگرێ پێچەوانەی ئەوی تریانە، بۆیە دەڵێت مەل هەیە گۆشتی دەخورێ، مەلیش هەیە گۆشتی دەدرێتێ.

لە پەندێکی تردا (مەل) کراوە بە ڕەمزی کەس و شتی خراپ، وەکو دەوترێت:

مەل گۆشت وەر دەنکوش چەفتەن (کاکەیی، 2006: 228)

واتە مەلی گۆشتخۆر دەنووکی چەوتە، کەسی خراپیش هەر خۆی بەڕوخسار و دیمەنییەوە دیارە و زوو دەناسرێتەوە.

- **ڕەمزی باڵندەی قەڵ:**

وەکو دەوترێت: قەل بە قەل ئەڵێت رووت ڕەش بێت (کاکەیی، 2008: 131)

لێرە قەل ڕەمزی کەسایەتی درۆزنە، هەروەها کەسی درۆزن کەس بەڕاست دانانێت و لای ئەو هەمووکەس درۆ دەکات، یان خۆی خراپە و ناوی کەسی تر بە خراپ دەبات، یان دەوترێت:

قەل هەڵساوە قەلە ڕەشکە چووە جێگاکەی (عبدالواحد، دەستنووس)

لێرە قەل ڕەمزی مرۆڤی خراپەکارە کە بەڕۆیشتنی کەسێکی خراپتر هاتووەتە شوێنی.

- **ڕەمزی باڵندەی کەو:**

وەکو دەوترێت: کەو ئاکەون چە وەرانوەر کەو بوانۆ (کاکەیی، 2006، 115)

واتە کەو ئەو کەوەیە لە بەرامبەر کەو بخوێنێ، لێرە کەو کراوە بە ڕەمزی کەسێکی ڕاست و مەرد، کە هەرچییەکی هەیە ڕاستەوخۆ ئەیلێت و پاشملە باسی کەس ناکات.

گرنگترین ئەو گیاندارانەی لەناو پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان دا بوونەتە ڕەمزی کەسایەتی چاک و خراپی ناو کۆمەڵگە، لەم دوو تەوەرەی پێشوو ئاماژەیان پێکرا، هێشتا زۆر گیاندار و زیندەوەری تری وەکوو (پڵنگ و مامز و کەروێشک و کۆتر و ماسی و حاجی لەقلەق و ئەسپێ و قاڵۆنجە و کلۆ و .... هتد) ماون، کە ببن بە ڕەمزی کەسێتییە جۆراوجۆرەکان، بەڵام ئێمە لە پەندەکانی ئەو ناوچە بە گوێرەی ئەوەندە پەندە کۆکراوانەی بەردەستمان بوو تەنیا ئەوەندە گیاندارمان دۆزییەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی گوزارشتیان لە کەسێتی مرۆڤی کورد بەگشتی و ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بەتایبەت کردبوو، لەلایەکی ترەوە ناو نەهێنانی هەندێک لە گیاندارەکان و نەکردنیان بە ڕەمز هۆکارەکەی پەیوەندی بە سروشتی ناوچەکە و جۆری ئەو ژینگە و ژیانە هەیە کە پەندەکەی لێ لەدایکبووە، چونکە سروشتی ناوچە و جۆری ماڵیکردن و داب و نەریتی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر بڕیار لەسەر دروستبوونی فۆرم و کەرەسەی دارشتنی پەندەکان دەدەن.

**خشتەی ڕەمزی گیانداری ماڵی بۆ کەسێتی مرۆڤ لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان**

| ز | ناوی گیاندار | ڕەمز بۆ کەسێتی نەرێنی | | | | | ڕەمز بۆ کەسێتی ئەرێنی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بزن | بەدڕەوشت | داوێن پیس | ئاژاوەگێڕ | خۆویست | گۆشەگیر | زرنگ و خەم خۆر |
| 2 | مەڕ | ساویلکە | | | | | بێ دەنگ و بێ زیان |
| 3 | گا و مانگا | گێل و گەمژە | | خراپەکار | ئاژاوەگێڕ | | سەخی و باش |
| 4 | کەر | ترسنۆک | نەزان | ستەمکار | بێ نرخ و ئاست | | |
| 5 | حوشتر | نەشیاو | نەزان | دواکەوتوو | درۆزن | | |
| 6 | سەگ | ترسنۆک | خراپ | نەفس نزم | دووروو | ناڵەبار | |
| 7 | پشیلە | زۆرزان و فێڵباز | سپڵە | مۆن و بەزیان | متمانە پێنەکراو | نارەحەت و هەرەپاس | خاوەن بڕیار |
| 8 | ئەسپ | ڕەفتار خراپ | | | | | ئازا و بەجەرگ<br>خاکی و ڕێکوپێکی |
| 9 | مریشك | ڕەزیل | نەزان | کەمتەرخەم | نەفس نزم | بێزارکەر | |

**خشتەی ڕەمزی گیانداری کێوی بۆ کەسێتی مرۆڤ لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووك و گەرمیان**

| ز | ناوی گیاندار | ڕەمز بۆ کەسێتی نەرێنی | | | | ڕەمز بۆ کەسێتی ئەرێنی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شێر | | | | | ئازایەتی و چاونەترسی |
| 2 | گورگ | دەست پیس | خراپەکار | ستەمکار | | |
| 3 | ڕێوی | ترسنۆك | ناساغ و ناڕاست | درۆزن | | |
| 4 | کەمتیار | ترسنۆك | خراپەکار | ستەمکار | ڕقاوی و کینەدار | |
| 5 | مار | فشەباز | سەرەڕۆ | بێزارکەر | درۆزن | |
| 6 | مەیموون | کردار ناشرین | بێ سوود | | | متمانەبەخۆبوو |
| 7 | مەل | خراپ | | | | بەخشەر |
| 8 | قەل | درۆزن | خراپەکار | | | |
| 9 | کەو | | | | | ڕاست و مەرد |

**خشتەی ڕەمزی گیاندارەکان بۆ هەر جۆرە کەسایەتییەکی نەرێنی لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووك و گەرمیان**

| ز | کەسێتی نەرێنی | ناوی گیاندار |
|---|---|---|
| 1 | بەدڕەوشت | بزن |
| 2 | داوێن پیسی | بزن |
| 3 | ئاژاوەگێڕ | بزن + گاو مانگا |
| 4 | خۆویست | بزن |
| 5 | گۆشەگیر | بزن |
| 6 | ساویلکە | مەڕ |
| 7 | گێل و گەمژە | گا و مانگا |
| 8 | خراپەکار | گا و مانگا + سەگ + قەل |
| 9 | ترسنۆك | کەر + سەگ + کەمتیار + ڕێوی |
| 10 | نەزان | کەر + حوشتر + مریشك |
| 11 | دواکەوتوو | حوشتر |
| 12 | درۆزن | حوشتر + قەل |
| 13 | نەفس نزم | سەگ + کەمتیار |
| 14 | دووروو | سەگ |
| 15 | ناڵەبار | سەگ |
| 16 | بێ نرخ و بێ ئاست | کەر |
| 17 | زۆرزان و فێڵباز | پشیلە |
| 18 | سپڵە و بێ وەفا | پشیلە |
| 19 | مۆن و بەزیان | پشیلە |
| 20 | متمانە بێ نەکراو | پشیلە |
| 21 | نارەحەت و هەرەپاس | پشیلە |

| | | |
|---|---|---|
| 22 | ڕەزیل | مریشك |
| 23 | کەمتەرخەم | مریشك |
| 24 | بێزارکەر | مار + مریشك |
| 25 | دەست پیس | گورگ |
| 26 | ناساغ و ناڕاست | ڕێوی |
| 27 | ستەمکار | کەر + گورگ + مار |
| 28 | فشەباز | مار |
| 29 | سەرەڕۆ | مار |
| 30 | بەدکردار | مەیموون |
| 31 | بێ سوود | مەیموون |
| 32 | ڕقاوی و کینەدار | مار |

**خشتەی ڕەمزی گیاندارەکان بۆ هەر جۆرە کەسایەتییەکی ئەرێنی لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووك و گەرمیان**

| ژ | کەسێتی ئەرێنی | ناوی گیاندار |
|---|---|---|
| 1 | زرنگ و خەمخۆر | بزن |
| 2 | بێ دەنگ و بێ زیان | مەڕ |
| 3 | سەخی و باش | گاو مانگا |
| 4 | خاوەن بڕیار | پشیلە |
| 5 | ئازا و بەجەرگ | شێر + ئەسپ |
| 6 | چاکە و ڕێکوپێکی | ئەسپ |
| 7 | متمانەبەخۆبوون | مەیموون |
| 8 | بەخشەر | مەل |
| 9 | ڕاست و مەرد | کەو |

لە کۆتایی ئەم سەرژمێری کردنە بۆ کەسایەتی ئەرێنی و کەسایەتی نەرێنی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کەسایەتییە نەرێنیانەی بە هۆی ڕەمزی گیاندارانەوە نیشاندراون (32) جۆری کەسایەتی مرۆڤە کە بە گیانداری جۆراوجۆر لە گیانداری ماڵی و گیانداری کێوی گوزارشتی لێکراوە، کەسایەتییە ئەرێنییەکانیش (9) جۆر کەسایەتییە، کە لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان بە ڕەمزی گیاندار گوزارشتیان لێکراوە.

## ئەنجامەکان:

١- ڕەمزی گیاندار لەناو پەندە کوردییەکاندا بە یەکێک لەو ڕەمزانە دادەنرێت، کە دەتوانێت ببێت بە ڕەمزی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

٢- گیانداران لەناو پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیاندا بەدیارترین هۆکاری نواندنی بەها و دژبەهاکان لەناو کۆمەڵدا دادەنرێت.

٣- ناوچە و ئاووهەوا و ژینگەی ناوچەیەکی دیاریکراو کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی ئەو گیاندارەی دەکرێتە ڕەمز بۆ کەسێتی مرۆڤ.

٤- پیشاندانی کەسێتییە نەرێنییەکان لەرێگەی ڕەمزی گیانداران لە پەندەکانی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان ژمارەیان زیاترە لە ڕەمزی کەسێتییە ئەرێنییەکان.

٥- کەسێتی ستەمکار و خراپەکار زۆرترین ڕەمزی گیاندارانیان بۆ بەکارهاتووە.

٦- لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەندێک گیاندار بە کاریگەری ئاینی ئیسلام خۆشەویستتر لە گیاندارێکی تر، وەکو سەگ و پشیلە، کەم تا زۆریش کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی ڕەمزی کەسایەتیەکان.

٧- شێر تاکە گیاندارە لەڕووی ڕەمزی کەسێتییەوە زۆربەی وێنەکانی ئەرێنین.

٨- بەشێک لە گیاندارەکانی وەکو مریشک و شێر و ئەسپ، ...، بۆ ڕەمزی کەسێتی هەردوو ڕەگەز وەکو یەک بەکارهاتوون.

٩- بەهۆی نزیکی گیانداری ماڵی لە مرۆڤ، زیاتر کەسێتییەکانی مرۆڤ لە پەندەکانی ناوچەی کەرکووک و گەرمیان لە پەراوێز ڕەمزی گیاندارە ماڵییەکان دروستکراون.

## سەرچاوەکان


1. ئەلوەردی، عەلی، 2015، کەسێتی تاکی عێراقی، و: فەریق حەبیب، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
2. حەمەد، پەخشان سابیر، 2012، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمای کوردی، هەولێر.
3. ڕەسوڵ، شوکریە، 2005، حیکایەتی گیانداران، چاپخانەی شڤان، ئەنستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی.
4. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، 2010، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.
5. عبدالواحد، ئازاد، لە یەکەم پرشنگی شیعرەوە تا دوا ترۆپکی دەق، دەستنووس.
6. قەرەچەتانی، کەریم شەریف، 2015، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی پیرەمێرد، چاپی چوارەم، سلێمانی.
7. قەزاز، ئازاد، 2010 ,کەسێتی و ململانێی دەروونی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
8. کاکەیی، هەردەوێڵ، 2006، پەند و قسەی نەستەقی ماچۆ، چاپخانەی کشتوکاڵ، چاپی یەکەم، هەولێر.
9. کاکەیی، هەردەوێڵ، 1989، داب و نەریتی کوردەواری ناوچەی گەرمیان، چاپخانەی الحوادث، چاپی یەکەم، بەغداد.

10. کاکەیی، هەردەوێل، 2008، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ناوچەی کەرکووکدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
11. آزاده، حيدري، 2022، الرموز الأخلاقية في الأمثال الفارسية والعربية، مجلة الخطاب، المجلد 17، العدد 2.
12. الباش، محمد توفيق السهلي وحسن، 1986، المعتقدات الشعبية في التراث العربي، دار الجليل.
13. الجنابي، شيماء صلاح أحمد، 2007، الإله انكي في حضارة بلاد الرافدين (في ضوء النصوص المسمارية)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.
14. خالد، أسماء، 2017، صورة الحيوان في الأمثال الشعبية والأمثال الصوفية (أنموذجا)، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمد الخضر الوادي، الجزائر.
15. الدميري، عماد الدين محمد بن موسى، 1992، حياة الحيوان الكبرى، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق.
16. الشراري، عبد العزيز محمد عويض، 2015، الأمثال في كتاب الحيوان، رسالة دكتوراه، جامعة مؤته، الأردن.
17. عميدة، إسراء مصطفى، 2018، صورة الحيوان في المثل الشعبي الفلسطيني، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.
18. المطيري، حنان بنت غالب، 2022، الدلالات الرمزية في الديوان (فصول من سيرة الرماد لصالح الزهراني)، مجلة كلية الدراسات الإسلامية للبنات بالإسكندرية، العدد 38.
19. مليكشي، حواء اومعيش و وزنة، 2015، دلالة الحيوان في الامثال الشعبية – القبائلية في منطقة بني مليكش، رسالة ماجستير، جامعة عبدالرحمن ميرة، الجزائر.
20. ناصر، سعد داحس، 2022، رمزية الحيوان في رواية (خلد ولوجيا) لسعد سعيد، جامعة الواسط، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد: 2، عدد 45.
21. حەمید، زرار، 2017، گلگامیش کۆنترین داستانی ئەدەبی میزۆپۆتامیا، didimn.com
22. الجبوري، عباس زويد، الكرور وأهميتها الحضارية والفنية، سنة ؟، جامعة بابل، كلية الآداب.
ePrint-12-30737-1658
23. فريق تواصل، حيوان الضبع: تعريف المفترس الذي يساء فهمه، https://tawasoll.com
24. صاحب، د. زهير، الجدي وكرمة العنب - رائعة سومرية في المتحف البريطاني، www.iraqinhistory.com
25. محمد، عبدالرحمن، الثور ومكانته في الميثولوجيا القديمة، روناهي صحيفة سياسية اجتماعية ثقافية. https://ronahi.net
26. فياح، ضحى الطلاء، 2022، تحليل الشخصية في علم النفس، اللون الأسود في علم النفس، https://psychologyarabia.com